# حیكمەتەكانی ئێزەد!



هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند

زۆر جار دەپرسم : ئەوە چ حیكمەتێكە  ئێزەد دەگەڵ ئێمەدا دەكاریهێناوە و ئاداری كردۆتە مانگی هەموو تاڵی و شیرینییەكانمان ؟ ، دەئاداریدا رۆژێک خەندەمان لەسەرلێوانە و بۆ سبەینێكەی ، ناچارین بە دڵی غەمگینەوە سەرەخۆشی لە یەكدیبكەین.. رۆژێک خەریكی ڤەكۆڵینین لە شادییەكانمان و رۆژێكی دیكەش پەنجە بە كۆنە برینەكانمانەوە دەنێین و بە ئاهێكی بە سوێوە خەمە زۆرەكانمان بازگۆ دەكەین .. دەبێ ئەوە چ حیكمەتێک بێت ئێزەد ؟!.

*                    *                    *

وەک هەموو ساڵان, ئەو جاریش  شیرینیی سەرهەڵدانی باشوری نیشتمان و مەرگەساتی پێنج هەزار پەپولەی بە ژەهر خنكێندراو و هاتنی  نەورۆز و چەند بیرەوەرییەكی دیكەمان   بە مەراسیمی تەقلیدی زیندوو كردنەوە .

بۆ شادییەكان لە قاقای پێكەنینماندا و لە شیوەنەكانیشدا ، بە وتاری ئاگرین و كەمێک سینەكوتانی رواڵەتی ،  پێشانی جیهانییانماندا كە چەندە مەزڵومین ! .. بەڵام هیچكات نەمانپرسی كە ئایا بەراستی  ئەوەی دەبووایە بیكەین ،  بۆ ئەو بیرەوەرییانە كردمان یان نا؟! .

*                    *                    *

ئاداری ئەوساڵ جیاوازبوو لە ساڵانی دی ، چونكە ئەوەی باشور لە دژی راپەری و ئەوەی لە رێككەوتنی یانزەی ئادار پاشگەزبۆوە و ئەوەی هەڵەبجەی لێ شەهیدكردین ، كەوتە زیندانێ ...

ئەوساڵ بۆیە جیاوازبوو ، چونکە ئەوەی تاسەر ئێسقان نەورۆزی رەتدەکردەوە و هاونیشتمانییەکانی باکورمانی بە( **ترکێت چیایی** ) دەناساندن ، بە ناچاری ملی بۆ نەورۆز دادا و بە فەرمی ئیجازەی یادکردنەوەیدا ..

بۆیە ئەوساڵ جیاوازبوو ، چونکە ئەوە بوو بە دوایین مانگی ئادار ، کە تێیدا پارلەمێنتێکی پیر و نوێنەکراوە یاسارێژی بکات ! ..

بۆیەش جیاواز بوو ، چونکە باشوری ولأت گەرایەوە بۆ بندەستی برا چاورەشەکانمان ، ئەو برایانەی باوەریان بە هەموو شتێک بووە ، تەنیا بە برایەتی دەگەڵ ( **بە زۆرخۆ بەبراکردووەکان)** یاندا نەبێت .. ! .

*                    *                    *

گێرانەوەی سەربوردە دووبارە بووەوەکان و هەوڵدانی حیزبە دەستەڵاتدارەکان بۆ موڵکداریکردنی یادی راپەرین ، شتێکی نوێی بۆ منی کوردی لە زوڵمدا غەرقبوو نەهێنا ، ئەوەی بیستم هەمان ئەو شتانە بوون کە ساڵەهایە دەیانبیستمەوە و وەک کەلامی پیرۆزی کتێبە ئاسمانییەکان ناگۆرێن ! ..
دەبوایە بۆ یادی هەڵەبجە ، هەڵوێستی مەزن ، لە پیاوە مەزنەکانمان ببیستین ، وەلێ نەمانشنەوت ! .عەلی کیمیاویی هۆڵەند ، سەرەرای پشتگوێخستنێکی ئەنقەستی میدیای ئەو ولأتە ، دادگایی کرا ، وەلێ ئێمە رۆڵی تەماشاکارێکی بێموبالاتمان دیت ! .
گوێمان لە دەنگی دەهۆڵی کوردی گرت و بۆ یادکردنەوەی نەورۆز ، دەبەرامبەر کەرنەڤاڵی فارساندا ، کەم زایەڵە دیتمان ! .. ویستمان بیسەلمێنین کە نەورۆز کوردییە ، بەڵام هێندەی جەژنێکی موسوڵمانان رێزمان نەگرت ..!.

*          *          *

**ئاخر ئەوە چ حیکمەتێکە ئێزەد ؟! .**

www.hemnabdulla.blogspot.com